السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: السلام عليكم، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: دە، پاشان پیاوێکی تر هات و ووتی: السلام عليكم ورحمة الله، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: بیست

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: السلام عليكم، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «دە»، پاشان پیاوێکی تر هات و ووتی: السلام عليكم ورحمة الله، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: «بیست»، پاشان پیاوێکی تر هات و ووتی: السلام عليكم ورحمة الله وبركاته، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سی».

[حەسەنە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: السلام عليكم، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە دە چاکەی بۆ دەنووسرێت، وئەمیش پاداشتی کەسێکە ئەم ڕستەیە بڵێت لە کاتی سەلامکردندا، ولەوەیە خوای گەورە چەندەها جار زیادی بکات بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت، وپاشان پیاوێکی تر هات و ووتی: السلام عليكم ورحمة الله، ئەویش وەڵامی دایەوە وپیاوەکە دانیشت، پاشان -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوەی دا کە بیست چاکەی بۆ دەنووسرێت، چونکە هەندێ وشەی زیاد کرد بۆ سەلامکردنەوە ئەویش (ورحمة الله)یە، ولە پاش ئەم پیاوێکی تر هات و ووتی: السلام عليكم ورحمة الله وبركاته، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە سی چاکەی بۆ دەنووسرێت، چونکە بەشێکی تری زیاد کرد بۆ سەر سەلامکردنی کەسی دووەم ئەویش ڕستەی (وبركاته)، وشێوازی سەلامکردنی کەسی سێیەم کامڵترین وکۆتا شێوازی سەلامکردنە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3587

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee